# پرۆژە یاسای
# ڕێکخستنی پشووە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

## بەشی یەکەم:
## دەروازەیەك بۆ پێناساندنی پرۆژە یاساکە.

**مادەی (١):** مەبەست لە پرۆژە یاسای ڕێکخستنی پشووە فەرمیەکان دیاری کردن و چەسپاندنی پشووە فەرمیەکانە لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان-عێراقدا، ئەم پرۆژە یاسایە ئامانجێکی گشتگیر و فرە لایەنی هەیە و مەبەست دیاری کردنی ئەو ڕۆژانەیە کە لە رووی (نەتەوەیی و ئاینی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی)یەوە تایبەتمەندیان هەیە بۆ هەرێمی کوردستان و بە پشووی فەرمی ئەژمار دەکرێت لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان-عێراقدا.

## بەشی دووەم:
## ناوەڕۆکی پرۆژە یاساکە

**ماددەی (٢):** بەرەچاوکردنی تایبەتمەندیەکانی هەرێمی کوردستان پشووە فەرمیەکان بەسەر دوو شێوەدا دابەش دەبن، شێوەی یەکەم بریتیە لە پشووە نەگۆڕەکان، و شێوەی دووەمیان بریتیە لە پشووە گۆڕاوەکان.

**ماددەی (٣):**

١- پشووە نەگۆڕەکان مەبەست لێی ئەو پشووانەیەکە لەبەرامبەر ساڵنامەی زاینیدا ڕێکەوتەکەی دیاری کراوە و زانراوە.

٢-پشووە گۆڕاوەکان مەبەست لێی ئەو پشووانەیە کە لەبەرامبەری ساڵنامەی زاینیدا ڕێکەوتەکەی دیاری کراو زانراو نیە.

**ماددەی (٤):** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) هەڵبستێت بە دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بەمەبەستی دیاری کردنی ڕۆژی پشووە گۆڕاوەکان لە کاتی پێویستدا.

**ماددەی (٥):** پشووە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەرەچاوکردنی تایبەتمەندی باری نەتەوەیی و ئاینی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت.

**ماددەی (٦):**

١-هەموو ڕۆژانی هەینی و شەممە بە دوو پشووی فەرمی هەفتانە دادەنرێت.

٢-ڕۆژانی شەممە بۆ دام و دەزگاکانی پەروەردە و خوێندنی باڵاو تەندروستی دەوامی ئاسایی دەبێت.

**ماددەی (٧):** بەرەچاوکردنی تایبەتمەندی باری نەتەوەیی هەرێمی کوردستان ئەم بۆنە و جەژنانە بە پشووی فەرمی دادەنرێت:

١- ڕۆژی ڕاپەڕین، (٥)ی مانگی ئازار بەپێی ڕۆژژمێری زایینی هەموو ساڵێك، (یەك) ڕۆژ.

٢- یادی لەدایك بوونی بارزانی (١٤) ی مانگی ئازار بەپێی ڕۆژژمێری زایینی هەموو ساڵێك، (یەك) ڕۆژ.

٣- جەژنی نەورۆز (٢٠-٢١-٢٢) ی مانگی ئازار بەپێی ڕۆژژمێری زایینی هەموو ساڵێك، (سی) ڕۆژ.

**ماددەی (٨):** بەرەچاوکردنی ئەو بۆنە و ڕووداوو کارەسات و داستانە مێژووییانەی کە تایبەتمەندیان هەیە لای گەلی عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەم ڕۆژانەی خوارەوە بە پشووی فەرمی دیاریی دەکرێت.

١- جەژنی سەری ساڵی زایینی (١) ی مانگی کانوونی دووەم بەپێی ڕۆژژمێری زایینی هەموو ساڵێك، (یەك) ڕۆژ.

٢- دامەزراندنی سوپای عێراق (٦) ی مانگی کانوونی دووەم بەپێی ڕۆژژمێری زایینی هەموو ساڵێك، (یەك) ڕۆژ.

٣- ڕزگارکردنی عێراق (٩) ی مانگی نیسان بەپێی ڕۆژژمێری زایینی هەموو ساڵێك، (یەك) ڕۆژ.

٤- جەژنی کرێکاران (١) ی مانگی ئایار بەپێی ڕۆژژمێری زایینی هەموو ساڵێك، (یەك) ڕۆژ.

٥- یادی شۆڕشی (١٤)ی مانگی تەمموز بەپێی ڕۆژژمێری زایینی هەموو ساڵێك، (یەك) ڕۆژ.

**ماددەی (٩):** بەرەچاوکردنی باری ئایینی زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ئەم جەژن و بۆنە ئایینیانە بە پشووی فەرمی دادەنرێت:-

١- جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزی هەمووی ساڵێك، (سێ) ڕۆژ.

٢- جەژنی قوربانی پیرۆزی هەموو ساڵێك، (چوار) ڕۆژ.

٣- جەژنی لەدایك بوونی پێغەمبەر (د.خ)، (یەك) ڕۆژ.

٤- سەری ساڵی کۆچی (١)ی موحەررەم، (یەك) ڕۆژ.

**مـــادەی (١٠)**: ئـەو ڕۆژانـەی کـە ڕوداوی گرنگـی نەتـەوەیی تیایانـدا ڕویـداوەو وەکـو بۆنەیـەکی نەتەوەیی و نیشتمانی دادەنرێن:

١-(١٦/ ٣) ی هـەمو ساڵێك بـەڕۆژی شـەهیدی کوردسـتان دادەنریٚ و ڕۆژی ماتـەمینی نەتەوایـەتی هەرێمی کوردستان.

٢-ڕۆژی ٤/١٤ ی هـەموو سـاڵێك یـادی کارەسـاتی ئـەنفال دەکرێتـە ڕۆژی ماتـەمینی نەتەوایـەتی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (١١)**: پشووی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی هەرێمی کوردستان:-

بەڕەچـاوکردنی بـاری نەتـەوەیی و ئـاییني ئـەو پێکهاتانـەی کـە لـە چوارچـێوەی هـەرێمی کوردستاندان، پشووی تایبەت بەو پێکهاتانە دیاری دەکرێت:

**یەکـەم**:ئەم جەژن و بۆنانەی لای خوارەوە بەپشووی فەرمی ئاييني دادەنرێن بۆ مەسیحیەکان و بەپێی ساڵنامەی ساڵیی (طقسي)ی مەسیحیەکان دەستنیشان دەکرێن:

١-جەژنی لەدایکبوونی مەسیح(د.خ) ڕۆژانی (٢٥-١٢/٢٦) لەهەر ساڵێکدا. (دوو) ڕۆژ.

٢-جەژنی گەورە (القیامە)، (سیٚ) ڕۆژ.

٣-جەژنی هەلکشان (الصعود) (یەك) ڕۆژ.

٤-جەژنی (نوسەر دیل)، (یەك) ڕۆژ.

**دووەم**: ئەم بۆنانـەی لای خوارەوە بەپـشووی فـەرمی نەتـەوەیی دادەنرێن بۆ گەلی (کلدانی سریانی ئاشوری):

١- یەکی مانگی نیسانی هەر ساڵێك بەپێی ساڵی زاييني، سەری سالی بابلی ئاشوری. (یەك) ڕۆژ.

٢-(٨/٧)هەر ساڵێك بە ڕۆژی شەهیدی ئاشوری دادەنریٚ دەکرێتە ڕۆژی ماتـەمینی نەتەوایەتی بۆ ئاشورییەکان.

**سێیەم**: ئەم جەژن و بۆنانە بە پشووی فەرمی دادەنرێن لە هەرێمی کوردستان بۆ ئێزدييەکان:

١-جەژنی (جەمایی) لە (٧ تا ١٣)ی مانگی تشرینی یەکەمی زاييني هەموو ساڵێك. (حەوت) ڕۆژ.

٢-جەژنی چلەی هاوین لە (٣٠ ی تەمموز تا ٢ ی ئاب)ی زاييني هەموو ساڵێك. (چوار) ڕۆژ.

٣-جەژنی سەری سالی ئێزدييەکان کە دەکاتە چوارشەممەی یەکەمی هەموو مانگی نیسان (بەپێی ڕۆژژمێری ڕۆژهەلات) (یەك ڕۆژ).

٤-جـەژنی ڕۆژووی ئێزدییـان کـە دەکاتـە پێـنج شـەممەی یەکـەمی هـەموو مـانگی کـانوونی یەکـەم (بەپێی ڕۆژژمێری ڕۆژهەلات) (یەك ڕۆژ).

**ماددەی (١٢)**:

١- پێبەخشینی دەسەڵات بە ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی دیاریکردنی پشووی فەرمی نیوەی ساڵ و سەری ساڵ لە چوارچێوەی دام و دەزگا پەروەردەییەکان و خوێندنی باڵادا.

٢- ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی ڕاگرتنی دەوامی فەرمی لە دام و دەزگا حکومیەکاندا لەکاتی بوونی کارەسات و ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو و حاڵاتی پێویستدا (وەك ڕووداوی سروشتی، بوونی باری نائاسایی، سەرژمێری گشتی، هەڵبژاردن.....هتد)

**مادەی (١٣) :** نابێت تێکرای پشووە فەرمیەکان لە ساڵێکدا (  ) ڕۆژ تێپەڕ بکات.

**مادەی (١٤) :** هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، کاری پێ ناکرێت.

**مادەی (١٥) :** پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

**مادەی (١٦) :** ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا کاری پێ دەکرێت.

## هۆکارەکانی پشت ئەم پڕۆژە یاسایە

١-لە پێناوی بەدیهێنانی سەقامگیری لە چوارچێوەی کاروباری کارگێڕی و وەزیفی لە دام و دەزگا حکومیەکاندا و بەرچاو ڕوونی هاوڵاتیان بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیان لە چوارچێوەی پرەنسیپی سەقامگیری مامەڵەدا(مبدأ استقرار المعاملە)، پێویستە ڕۆژی پشووە فەرمیەکان ڕوون و دیاری کراوبن.

٢-لە پێناوی یەکخستن و کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو بڕیارانەی کە پێشووتر لەلایەن پەرلەمانەوە دەرکراون سەبارەت بە دیاری کردنی چەند بۆنەو ڕووداوێك وەك پشووی فەرمی.